هەرێمی کوردســـتان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتــی دارایــی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردســتان - العراق
رئاســة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٩ / ٤ / ١٥٧٠٠ رێکەوت: ٥ / ٨ / ٢٧١٧ کوردی رێکەوت: ٦ / ٧ / ٢٠١٧زایینی

## گشتاندنی دارایی ژمارە (١٤)

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نە بەستراو بە وەزارەت

## ب / خەرج کردنی چەکی پرۆژەکانی وەبەرهێنان

به مەبەستی خەرج کردنی بڕی ئەو (١٢ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) تەنها دوانزە ملیار دینارەی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دابین کراوە بۆ شایستەکانی کۆمپانیا و بەڵێندەران تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ ساڵەکانی (٢٠١٤ - ٢٠١٥ - ٢٠١٦) ، تکایە کاری پێویست ئەنجام بدرێت بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستێکی تایبەت بە شایستەی دارایی ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانە کە تاکو ئێستا پارەیان بۆ خەرج نەکراوە ، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

١- ئەم بڕە پارەیە تەنها بۆ ئەو پرۆژانەیە کە گرێبەستی بەڵێندەرایەتیان هەیە و پرۆژە ڕاستەوخۆکان بە هیچ شێوەیەك ناگرێتەوە .

٢- پێویستە سەرجەم وەزارەتەکان داوای دەرخستەی بانکی (کشف بانك) لە بەڵێندەران بکەن بۆ زانینی دوا ڕەسیدیان کە لە ئەژمێری بانکیان هەیە .

٣- بەرواری ٢٠١٧/٥/٣١ بکرێتە بنەمای زانینی دوا ڕەسیدی بەڵێندەران .

٤- پێویستە سەرجەم وەزارەتەکان ووردبینی تەمویل و کەشفی بانکی بەڵێندەرەکانیان بکەن و بڕی قەرزی ماوە ئەژمار بکەن و بۆ وەزارەتی پلاندانان بنێرن بۆ پەسەندکردنی .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254
٢٠١٧/٧/٥ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

٥- پاش ووردبینی کردنی له لایەن وەزارەتی پلاندانان لیستێك بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕەوانە دەکرێت و ناوی بەڵێندەر و شایستەی دارایی تێدا دەست نیشان دەکرێت .

٦- وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدەن کە ڕێژەی (٤%) سەرف بکرێت بۆ شایستەی بەڵێندەران و لە چوارچێوەی ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە مانگانە تێپەرنەکات .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س- دیوان/ ف - ك - دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ...لەگەڵ رێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان / بۆ ئاگاداریتانو کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە جگە لە ناوبراوانی سەرەوە .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر / دهۆك / ١و٢ ی سلێمانی / ئاکرێ / سۆران / زاخۆ / کۆیە / گەرمیان / ئامێدی / ڕاپەرین / چەمچەماڵ / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤
Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254
Email: gd_finance@yahoo.com

٢٠١٧/٧/٦ سهام